# لاپەڕەیەکی نادیار لەمێژووی ئەدەبی کوردی

## ساغکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ژیان و بەرهەمی کۆمەڵێک ژنە شاعیری کورد

٣-٣




نامق هەورامی

namq hawramy @ yahoo - com


**خاتوو ئازداری شیرازی**

ئەگەرچی مێژووی لەدایک بوونی دیار نییە، بەڵام ساڵی مردنی بە ٧٦٣ی کۆچی دیاری کراوە، هێندە هەیە وەک لە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی صدیقی بۆرەکەیدا هاتووە (بەپێی یادداشتی قرندی لە ئاخرو ئۆخری سەدەی حەوتەمی کۆچی لە شیراز لە دایک بووە).

ئازدار لەسەرەتای لاویەوە ئایین کەمەند کێشی دەکات و لای فەقێ و مەلایان دەست دەکاتە خوێندن و زانستە ئایینیەکان دەخوێنێت، پاشان ئاشنای فەلسەفە دەبێت و ئیدی دەیان پرسیار لە ناخیدا چەکەرە دەکەن و خۆی لە شتە خورافیەکان دەرباز دەکات و وەک ژنێکی عەقڵانی بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی ناخیدا دەگەڕێت و سەرەنجام ڕێگەی شارەزوورو هەورامان دەگرێتەبەرو دەگاتە گوندی (شێخان)ی مەڵبەندی گەشەسەندنی ئایینی ئەهلی هەق و لەوێ لای سان سەهاکی بەرزنجی دەمێنێتەوەو سەری پێدەسپێرێت و پاشماوەی ژیانی لە هەورامان بەسەر دەبات و دەبێتە یەکێک لە ٧٢ یارانی سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی و دواجار لە ساڵی ٧٦٣ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان دەخوازێت. لە بەیازێکی کۆندا کە لە لایەن (علی رەزا کرماشانی) بە مێژووی ١٣١٠کۆچی نوسراوەتەوە یان بڵێین کۆکراوەتەوە لە بارەی ئازدار خانمەوە نوسراوە (لەتەمەنی ٦٠ ساڵیدا لە شێخان کۆچی دوایی کردووە)بەم پێی دەکرێت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٧٠٣ بە ساڵی لەدایک بونی دیاری بکرێت.

شیعرەکانی ئەم خانمە لە بازنەی ئایینی ئەهلی هەقدان بەڵام خۆی لە هەندێک مەسەلەی فەلسەفی داوە بۆ ئەو کاتەو بۆ ئێستاش ڕەنگە بە قورس لەسەر هەر کەسێک بکەوێت کە دەم لەو باسانە بدات.

لەسەرەنجامدا هەندێک شیعری ئەم خاتونە هەیە، لێرەدا نمونەیەکیان نیشان دەدەین.

ئەو یانەی ساری، ئەو یانەی ساری
بارگەی شام وستەن ئەو یانەی ساری
ئاناجیلیوەی جامە عەیاری
نیاش مەعریفەت شای خاوەندکاری
جامەی هەفت تەنان پورتش بۆ جاری
نەسیمی بنیام پیر ردباری
مەنصور بێ داود رەهبەری یاری
زەکەریا، موسا یادەفتەر داری
تورکە مصطفا کەمان ویقاری
یورت ساری بێ زات رەمز باری
ئیوەت بێ عەزیز ئیبن موختاری
شا فەضلی مەولام سیرش طەیاری
مەعریفەت نیا نە دیمەشق شاری

چارتەن هەفت تەنان چەوگادان دیاری
وە بەرگی سری بیشان نیظهاری
مەولام رەنگبازەن رەنگش ویسیاری
یاران جەرەنگش نەوین ئازاری

ئەگەر بە وردی لەم دەقە رابمێنین شاعیر خۆی لە قەرەی هەندێک مەسەلەی وروژێنەر داوە کە لەوانەیە لە وەرگێرانی ئەم دەقەدا بۆ سەر شێوەزاری کرمانجی خوارو هەندێک لە ماناکان وەک خۆیان دەرنەچن، بۆیە پێم وابوو ئەگەر دەستکاری واتە وەرگێران بۆ ئەم تێکستە بکەم زوڵمێکی گەورە لە دەقەکە دەکەم و خۆی لە خۆیدا وەرگێرانەکەی هەندێک دەروازەی ترت بەڕودا دەکاتەوە کە قسەکردن لەبارەیانەوە ئەرکی نووسەرانی بوارەکانی ترە.

**نەرگس خانی شارەزوری**

نێرگس کچی مەلا شوکراللەی شارەزوریە، لە سەرەنجامدا هاتوە سالی ۷۱۳ کۆچی لە شارەزور لە دایک بوە، لای مەلا شورکراللەی باوکی زانستە ئاینیەکانی خوێندوەو بەو پێیەی باوکی شاعیریش بوە شارەزایی دنیای شیعری ئەو سەردەمەبووە.

نەرگس لە تەمەنی لاویەتیدا دەبێتە هاوسەری (عابیدینی جاف) کە ئەو کات مەلایەکی بەرچاو و دیار بوە، بەڵام دواتر عابدین چوە سەر رێ و رچەی یاری و نێرگسیش ئەو رێ و رچەیەی وەرگرتوە، کاتێک مەلا عابدینی جاف دەچێتە سەر رێ و رچەی یاری مەلاکانی شارەزور زۆر شیعری ئامۆژگاری و هەرەشان بۆ نوسیوە بۆ ئەوەی وازبهێنێ، مەلا شوکراللە لە نامەیەکی شیعریدا بۆ مەلا عابدینی زاوای دەنوسێت:-

عابدین بە رەسوڵ، عابدین بەرەسوڵ
گەواهی و ئیمان بێرە بە رەسوڵ
مەترسە لە رەنگ ئیبلیسی فضوڵ
بخوێنە ئایەت قورئانی مەقبوڵ
تالێت رەجم بێت شەیطانی مەجهوڵ
خودا ئیازت بۆ بکات قبوڵ

بە هەرحاڵ ئەمە وەک نمونەیەک باسمان کردو ئەوەش بۆ خۆی بابەتێکی سەربەخۆیە.

ئەم خانمە شاعیرەمان بەشێوەی سۆرانی جاڤی شیعری هۆنیوەتەوەو لەگەڵ عابدین جافدا پێشرەوی ئەم جۆرە شێوازی نوسینەن لە سەرەنجامدا.

نەرگس خانم لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە شێخان کۆچی دوایی کردوەو سەرجەمی بەرهەمەکانی لە کتێبی (دەورەی عابدین)دا پارێزراون، ئەم خانمە شاعیرە خاوەن شێوازێکی جیای نوسینە، جیاواز لەو کێشانەی لەو سەردەمەدا شیعری پێ نوسراوە وەک لەم نمونەیەدا دیارە:-

بۆ پیر پیرە پیرم
بۆ ژیر ژیرە پیرم
بۆ بیر بیرە پیرم
بۆ سیر سیرە پیرم
بۆ کوڕ کوڕە پیرم
وەک گوڕ گوڕە پیرم
بۆ لەیل لەیلە پیرم
بۆ قیل قیلە پیرم
بۆ شین شینە پیرم
بۆ قین قینە پیرم
بۆ جەم جەمە پیرم
بۆ خەم خەمە پیرم
هەروەک شەمە پیرم
شەم نەچەمە پیرم
«نەرگز» گزە پیرم
گزە نەرەزە پیرم

لە جێگایەکی تردا دەڵێت:-

بادەم یارەو جامم یارە
شادیم یارەو کامم یارە
بیرم یارەو هۆشم یارە
هۆشی چی هەر نۆشم یارە
دەریام یارە زەویم یارە
بەرزیم یارەو نەویم یارە
«نەرگز» خودا بوە یارم
ئیدی بەسەو ئەز رزگارم

یان دەڵێت:-

یارم فەرموی دروسکار بن
بۆ رۆژ دوایی هەر زوگار بن
ئەگەر بگرین بۆ شاخاسە
راس بن رێگە هەر رێی راسە
رازی دڵتان مەدرکێنن
هەرگیز ئەکەن خۆ بنوێنن
لەمەرگ و میر هیچ مەترسن
ئەم رازە لەگیان بپرسن
لەش قالبەو هەر بۆ خاکە
گیان ئەگەرێ وەک ئاو پاکە
پیاو ئەبێت دڵ لەژێن بەردا

ئەم چوار چتە ئەبێ سەردا
پاکی و راستی و نیستی و ریدا
بکاتە رێ ئەمرۆو فەردا
رۆژی دوایی حەقە یاران
شام دێتە سەرتەخت وەک جاران

**رەزبانوی دەرزیانی**
**(خاتون)**

کچی یوسف بەگی دەرزیانییەو ساڵی ۷۸۰ی کۆچی لە دێی دەرزیان لەدایک بووە، هەر بە منداڵی ماملۆستای تایبەتی بۆ گیراوە تا فێری خوێندن و نووسین بووە، بەپێی پایەی کۆمەڵایەتی و ئاینی خێزانەکەیان خەریکی خوێندنەوەی کتێبی شاعیران و سەرەنجام بووە.

لە تەمەنی ۲۰ساڵیدا بووەتە هاوسەری پیرقەنبەری شاهۆیی و لەتەمەنی ۳۰ ساڵیدا کوڕێکیان دەبێت کە ئەویش (شاوەیس قولی)ی شاعیرەو چەندین شیعری جوانی هەیە لەوانەش:-

ئەصڵمەن جە کورد، ئەصڵمەن جە کورد
با بۆم کوردەنان، ئەصڵمەن جە کورد
من ئەو شێرەنان چەنی دەستەی گورد
سلسلەی سپای ضوحاک کەردم هورد

رەزبانو لە تەمەنی لاویەتیەوە دەستی داوەتە نووسین و چەندین شیعری تەڕو پاراوی لەپاش خۆی جێهێشتووە کە لە دەفتەرێکدا بەناوی (دەورەی قرمزی) کە نازناوی کورەکەیەتی پارێزراوە.

رەزبانو هەر لەسەرەتاوە نازناوی (خاتون)ی بۆ شیعری خۆی داناوە، ئەم خاتە ساڵی ۸٤٥ی کۆچی ماڵئاوایی لە ژیان خواستوە.

ئەمەش دوو نموونەی شیعریەتی:-

گرد بیەن رضوان، گرد بیەن رضوان
کارخانەی خواجەم گرد بیەن رضوان
ئێد ئەو سوارەن شێتش کەردخەزان
ئەپردیوەردا وست وە کەسنەزان

لێرەدا ئەم خاتە ئاماژە بە گەورەیی (باوەناوسی جاف) دەکات کە رابەرێکی ئاینی یاری بووەو سەرەتا (دایەخەزانی سەرگەتی) رکابەری کردووەو دواتر سەری پێ سپاردووە، بڕوانە پاژی یەکەمی ئەم نوسینە، گۆڤاری کاروان ژمارە ۱۷۰.

یان دەڵێت:-

خواجەم لوتفش کەرد خواجەم لوتفش کەرد
وە (خاتون) خواجەم لوتف و کەرەم کەرد
بەخشاش پێم (قولی) یانی لوتفش کەرد
تا پەسڵان خواجەم منەت بارمش کەرد

واتە: خواجەو رابەرەکەم کە (باباناوسی جاف)ە لوتفی کردو بە (خاتون) بەزەیی هاتەوەو (قولی) پێ بەخشیم کە تا رۆژی حساب منەت باری کردم.

**شەمام**

پاش ئەوەی لەدەم پیرەژنێکی هەوراسیەوە لە گوندی تەوێڵە گوێم لەو شیعرە بوو کەوتمە سۆراغ کردنی ئەو شەمام ناوە، بەڵام ئەوەندەی چنگم کەوت ئەو پیرەژنە کە تەمەنی ۹۷ ساڵە گوتی: لە دایکم ئەم شیعرەم بیستوە کە هی ژنێک بووە بەناوی (شەمام)ەوە و ئەو (واتە پیرە ژنەکە) هەر ئەوەندەی لە بیرماوە.

بەڵام ئەوەی لەبیر مابوو کە دایکی گوتویەتی ئەو شەمام ناوە خەڵکی تەوێڵە بووە، ئەگەر بەوردی لەو شیعرە رابمێنین نموونەیەکی جوانی رۆمانسیەت و بوێری ژنە شاعیرێکی کوردی هەورامانە.

ئەمەش نمونەی شیعرەکەیە:-

وەکەژوکۆدا وەکەژوکۆدا
هاشێتە تیا وەکەژوکۆدا
وە خەیاڵ نازیز ئامالام خەیلێ
چەوساوەن دڵەم بی دڵ و لەیلێ
بیاوە شیرین، شیرینی نەرمەن
ئاما روی زەمان فەرهادی کۆکەن
تەنیای جەلام سەر مدۆ پەی پەی
دەستێوە نیا بێتە باخو بەی
تاباخو سینەیم پەیش کەروسەوقات
ئەوسا (شەمامە) یاوۆ وە ئاوات

واتە: وا شێت بوم و کەوتمە کەژو کێوان، بە خەیاڵ جارێک نازیز هاتە لام و لەو ساتەوە دڵم بۆتە دڵی لەیل، بومەتە شیرینی نەرمەن بەڵام فەرهادێک بۆ من نەهاتە روی زەمان، تەنیایی بە بەردەوامی سەرم لێ دەدات و دەستێک نییە بێتە ناو باخی بەهێی سینەمەوە، ئەگەر دەستێک بێت باخی سنگمی بۆ دەکەمە دیاری و سەوقات ئیتر ئەوسا شەمام دەگاتە ئاواتی خۆی.

ئەمە نموونەی شیعرێکی بەلای کەم ۱٥۰-۲۰۰ ساڵ پێش ئێستا نوسراوە یان گوتراوەو دەماو دەم ماوەتەوە.

**دەرەنجام:**

**************

لە خوێندنەوەی هەر سێ بەشی ئەم بابەتەدا بەنێسو

خەیاڵی شاعیرانەی چەندین دەنگی مێیانەی کوردیدا ڕۆچوین، باخێک بەدەیان جۆر گوڵ و بۆغان بینی و هەستمان پێکرد.

ئەگەر تەماشای زەمەنی هەریەک لە ژیانی ئەو ژنە شاعیرانە بکەن ئەوا قۆناغێکی زێڕین بەرچاو دەکەوێت، ئەویش قۆناغی ئایدیایەکی کوردانەی ڕەسەن بووە لەگەڵ برەو سەندنی ئەو ئایدیایەدا یان ئەو ڕێ و ڕچەیەدا کە لەڕاستیدا من بە ئاینێکی تایبەت دەزانم و تەواوی پێکهاتەکانی ئاینێ لەو ڕێ و ڕچەیەدا هەیەو بەدی دەکرێت، شیعری کوردی لەو قۆناغەدا بەتایبەت شیعری ئافرەتانی شاعیر زۆر لە برەودا بووە، بەڵام وردە وردە ڕووی لەکزی کردوە لەگەڵ جێگرتنەوەی بە بیرێکی تر.

لەنێوان مێژووی لاوازبوونی ڕێو ڕچەی یاریەوە تا قۆناغی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تروسکاییەک لە قەڵەمی ئافرەتاندا نەبووە جگە لەو شیعرەی (شەمام) کە بەداخەوە هیچ لە بارەی ژیان و مردن و بەرهەمی تریەوە نازانین، ئەمەش مایەی هەڵوەستەو پرسیار کردنە، دەبێت بە دوی ئەو فاکتەرانەدا بگەڕێین، دەبێ چی وای لە ژنی کورد کردبێت ئەو ماوەیە مەیدان چۆڵ بکات؟

ئەوەی زیاتر هاندەر بوو بۆ من ئەو کارە بکەم وجودی خودی شاعیرەکان و گرنگی قۆناغەکەیان بوو، ڕەنگە بەسەدان کەسی تر ئەگەر زیاتر پێ دابگرین بڵێین ڕۆشنبیرانی ئەهلی هەق زۆربەیان لە من زیاتر تێکست و دەقی ئەو خانمانەیان بینیوەو بیستوە بەڵام ئەوان وەک (دەقێکی پیرۆز) مامەڵەی لە تەکدا دەکەن و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانەو هیچ کەسێکی (کەلام) نوسی تێر ڕێ و ڕچەکەیان بەشاعیر نازانن و ڕەنگە ئەستەمیش بێت بە شاعیر ناوی ببەن، نەک خوانەکردە ئەوان شاعیر بە شتێکی خراپ بزانن، بەڵکو بەو پێیەی ئەوان وەک دەقی ئاینی مامەڵە لەگەڵ ئەو بەیتانەدا دەکەن.

بە هەرحاڵ... چەند بارەی دەکەمەوە هەرگیز لە چاکەی ڕابەرانی ئەو ڕێ و ڕچەیە دەرناچین کە ئەو هەموو سامانە گەورەیان لە سنگی شوێن کەوتوانیاندا ئەرشیف کردو لە فەوتان پاراستیان و مێژووی ئەدەبیمان منەتباری ئەو پیرو ڕابەرو یارانەیە.

بۆ ئەوەی لە ئەسڵی بابەتەکە لانەدەین، وەک ئاماژەم پێدا قۆناغێکی پرشنگدار لە مێژووی ئەدەبی ئافرەتانی کورددا لەو قۆناغانەدا هەبووە، من ئەوەندەم بەرچاو کەوتووە، لەوانەیە چەند بەرامبەری ئەوە تێکست و شاعیر هەبن، ئەوەش مایەی دڵخۆشیە بۆ قەڵەمی ئەمڕۆی ژنانی کورد.

لەوەش خۆشتر ئەوەیە ڕەنگە دوای ٥٠ ساڵی تر کەسێکی تر کار بۆ کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی دەیان قەڵەمی بوێری تری وەک (خورشیدە بابان، ئەجیبە ئەحمەد، سیمین چایچی، کەلسوم عوسمانپور، کەژاڵ ئەحمەد، مهاباد قەرەداغی، چنار نامیق، ئەرخەوان) دەیان ناوی تر ئەگەر بواری نوسینیانم نەبوبێت بەڵام وجودیان نکۆڵی لێناکرێت.

## پەراوێزو سەرچاوەکان


١- پەیڕەوانی ئەهلی هەق بەو بەیتانە دەڵێن (کەلام)... بڕوانە گۆڤاری هەورامان ژمارە (١) زستانی ٢٠٠٣ سلێمانی لاپەڕە ٨٥-٩٢، پیرنالی شاعیرێکی گومناوی کوردە- نامق هەورامی.

٢ -ئەنوەر قادر محەممەد- مەزهەبی ئەهلی هەق لە ئێران ( گۆڤاری هیوا) ئەنستیتوی کورد - ژمارە (٦) نابی ١٩٨٧.

٣- سەرەنجام کتێبی پیرۆزی ئەهلی هەق.

٤- نامە سرانجام - کلام خزانە - یکی ازمتون کهن یارسان - صدیق صفی زادە انتشارات هیرمند ١٩٩٧ تهران - ایران.

٥- سەرەنجامێکی کۆن - ناوو شوێنی چاپی لەسەر نییە.

٦- بەیازێکی کۆن کە (علیرضا کرماشانی) ساڵی ١٣١٠ کۆچی نوسیویەتی.

٧- قیام ونهظت علویان زاگروس- محەممەد علی سلطانی - چاپ اول - تهران.

٨- تنبور - ازدیر باز تاکنون - تالیف سید خلیل عالی نژاد - چاپ اول ١٣٧٦ ناشر - دانش و فن.

٩- خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ بۆ ئاینێکی کۆن - دەست نوس - نامق هەورامی ١٠-٣ دەسنوسی کۆن کۆتایی لاپەڕەکانی کۆتایی پێوە نییە تا بزانرێت کەی و کێ نوسیویەتی بەڵام مێژویان بۆ زیاتر لە ١٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە.

١١- سرودهای دینی یارسان - ماشاء الله سوری - تهران ١٣٤٣.

١٢- ئەو کاسێت و کتێبە دەگمەنانەی چەند برادەرێکی کاکەیی دەمدەنێ و ڕازی نابن ناویان بهێنم.

١٣- پەیامی هەورامان هادی ڕەشید بەهمەنی - چاپی یەکەم - ٢٠٠١ هەولێر.

١٤- گۆڤاری ناسۆی فۆلکلۆر - ژمارە (١) محەممەد عەلی سلطانی لە دیمانەیەکدا سازدان - نامق هەورامی

١٥- کاکەیی - محمدامین هەورامانی.